

# نهێنی ناو کیسە نایلۆنەکە

**ئەحمەد قادر سەعید**
**(سلێمانی)**

کە سەیری وێنەکەم کرد لە زۆر ڕووەوە لە باوکی دەچوو، دەم و چاوێکی بازنەیی و چاوێکی گەش، ڕواژەیەکی سەرنجڕاکێش، لەباڵادا خڕیلانە. ئەوەی زیاتر لە هەر شتێک بە یەکتری دەچواندن، جۆرە خەندەیەک بوو کە لەسەر ڕواژەی ئەویش هەمیشە دەبینرا، وێکچوونێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە کەم جار بەو شێوەیە لەسەر دەموچاوی مرۆڤەکان دووبارە دەبێتەوە، هەر ئەوە وای کرد شریتی ڕووداوەکە لەناو کامێرای ڕابوردوودا جارێکی تر خۆی نمایش بکاتەوە و تەمەنی بەسەرچووی ئەو کەسە لە یادەوەرییەکاندا جێ بکاتەوە.

پیاوێک بە تەنیا خۆی بوو، کە هاتە ناو پانتایی حەوشە گەورەکەوە کیسەیەکی نایلۆنی بەدەستەوە بوو لە دامێنی ماڵەکان وەستا سەری هەڵبڕی، وەک لە دنیایەکی دیکەوە هاتبێ. ئاوا سەیری دەکرد وەک سەیری شتێکی نامۆ بکات. ماوەیەک ڕاما ئەوجا هاتەوە هۆش خۆی و بانگی لەو ژنە کرد کە مەبەستی بوو، ژنەکە بەدەم بانگکردنەکەوە هات، سەرەتا بە زەردەخەنەیەکی ئومێدبەخش پێشوازی لێکرد و فەرمووی هاتنە ماڵەوەی لێکرد. ئەو زۆر حەزی بەهاتنی ئەو کەسە دەکرد، چونکە وای دەزانی هەواڵێکی خۆشی بۆ هێناوە، بەڵام کە بە ئەسپایی بەگوێیدا چرپاند و کیسەکەی دایە دەستی، دنیای ڕۆشنی لەپێش چاو تاریک بوو، هەر ئەوەندەی بۆ کرا بڵێت داخی گرانم کەسێکی لا نەبوو قوومە ئاوێک بەدەمییەوە بکات، کە کیسە نایلۆنەکەی لە پیاوەکە وەرگرت، بەدەم هەنسکەوە گەڕایەوە تاکە ژوورەکە و پیاوەکەش بێ ماڵئاوایی ئەو ناوەی بەجێهێشت و لەبەر خۆیەوە دەیگوت ئەوەی لەسەر شانی من بوو جێبەجێم کرد.

ئەوەی لەناو کیسە نایلۆنەکەدا بوو دەرگای دەیان یادەوەری بە ڕووی ژنەکەدا واڵا کردەوە و یەک بەیەک بەناخی زۆربەیاندا شۆڕ بووەوە، سەرەتا هاتەوە سەر ئەو کاتانەی کە یەکەم ڕۆژ بوو بێنە ئەو شوێنە و بنە و بارگەیان لەوێ

دانێن...

(ئەو ڕۆژە کــە هاتینە ئێــرە ڕۆژێکی باراناوی و تەڕوتووشی بوو، لەو ڕۆژەدا خەڵک کەمتر دەیانتوانی دەر و ژوور بکەن. ئێمە کەلوپەلەکانمان کە لە چەند پێداویستییەکی کەم زیاتر نەبوو لە هەیوانەکە دانا، ئەو کاتە دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو.

تۆ تا چەند کاتژمێرێک دوای نیوەڕۆ نەهاتییەوە سەر لەو چەند بزوزگە شڕانە بدەیتەوە کە لە هەیوانەکە بەبێ موبالاتی بەجێمان هێشتبوون. بۆ نەهاتییەوە، یان بۆ سەرت لێ نەدانەوە تا بزانی چییان لێ بەسەر دێ، کۆمەڵە پرسیارێک بوون، دەبوو لەخۆت بکرێن، بەڵام ئەو خەڵکەی دەبوونە دراوسێت هۆکارەکەیان دەزانی، یان هەر نەبێ مەزەندەی شتێکیان دەکرد، کە لەگەڵ هەست و نەستی ئەواندا دەگونجا. شتەکان لە هەیوانەکە دانرابوون، ئێمەش ئێوارە دەمە دەمی عەسرێکی درەنگ لەگەڵ شەرمن و نەرمینی کچەکانمان لە دەرگا گەورەکەی حەوشەکە هاتینە ژوورەوە. ئەو حەوشە بۆ کەسانی وەک ئێمە نامۆ نەبوو، چونکە جەنجاڵی ژیان تا سنوورێک بۆ ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژیاین ڕایهێنابووین. هەرکە لە کەلوپەلەکان نزیک بووینەوە هەر یەکەمان دەیویست ئەو دەستپێشخەر بێ لە بردنە ژوورەوەی شتەکان، دوای تێڕامانێکی باش خۆم وەدەنگ هاتم و گوتم: تۆ پاڵ بە سەرێکی سندووقەکەوە بنێ، منیش ڕایدەکێشم. من دەستم بە ڕاکێشان کرد، ئێمە بە هەردوو لامان نەماندەتوانی سندووقەکە بەرز بکەینەوە، داخی گرانم تۆ لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکەت بێ هێزی کردبووی نەتدەتوانی ئەو جۆرە کارانە بکەی، بۆیە منیش زۆریم لێ نەدەکردی، هەرچۆن بوو سندووقەکەمان ئاوای ژوورەکە کرد. تۆ وەک لە هەورازێکی کووڕ سەرکەوتبی هانکە هانک لەسەر بەڕە شڕەکە دانیشتی و لە سندووقی تایبن ڕامای. مێژووی دروست کردنیت هاتەوە یاد، لە یادەوەریتدا تۆ ئەو سەردەمە کوڕێکی سەرەڕۆ بووی، وەک هەموو گەنجانی ئەو شوێنە هەر زوو حەزت بە کوڕێنی کرد.

ئەو یەغدانەی ئێستا بەدەستییەوە خەریک بوو بێهۆش بی، جاران هەر بۆخۆت دوو پێچکەکەیت دەگرت و دەچوویە بنی، بە کۆڵتدا دەدا و دەتهاویشتە سەر پشتت و بۆ کوێت ویستبا بۆ ئەوێت دەبرد، کەچی ئێستا لێت بووە بە شێر و دەروەستی نایەیت، ئەگەرچی زۆریش گران نەبوو. هەموو جارێ بەخۆت دەگوت بۆ ؟ ئەو پرسیارەت زۆر جاران لە خۆت دەکرد و خۆشت لە هەموو کەس باشتر وەڵامەکەیت دەزانی، بۆیە جار جارە بەسەرکۆنەوە بەخۆت دەگوت خۆ تۆ ئەوەندە بەتەمەن نیت بڵێی وەڵلا بەتەمەنیی ڕێگریم لێدەکات وا بێ هێزی کردووم. ئەو یەغدانە وەک هەموو یەغدانەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوو لە سندووقێک و لە ناوەڕاستیشدا دەرگایەک هەبوو دارتاشەکانی ئەو سەردەمە ڕووکاری سندووقەکەیان دەکرد بەسێ بەش، لە ناوەڕاستدا وێنەی بۆراقیان بە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرد. وەک ئەوەی باس کراوە بۆراق ئاژەڵێکە لە گوێدرێژ گەورەترە و ناگاتە باڵای وڵاخە بەرزە، دوو باڵی گەورەی پێوەیە، وەک باس دەکەن و لەناو خەڵکی باوە پەیامبەری ئیسلام بەسواری ئەو بۆراقە چووە بۆ قودس و لەوێشەوە خوای گەورە بەرەو ئاسمانەکان بەرزی کردووەتەوە. جوانی و ناشیرینی وێنەکێشانی ئەو بۆراقە بۆ سەلیقەی دارتاشەکە دەگەڕایەوە، هەر بە تەنیشت بۆراقەکەوە دوو وێنەی دی دەکێشران کە بە زۆری وێنەی دوو کەو، یان گوڵدانێک چەپکێک گوڵی دەخرایە ناوی و تەختەکەی بە بۆیەی سپی، یان شین ڕەنگ دەکرا و دەکران بە تابلۆ و بە تەنیشت دەرگاکەوە لەسەر تەختەیەک دادەنران و سندووقەکەی پێ دەڕازێنرایەوە. زۆر جارانیش وێنەکان ئەوەندە دزێو بوون لەو شتە نەدەچوون کە وێنەکەیان بۆ دەکێشرا، بەڵام هەرچۆن بوو بێ بۆ سەردەمی خۆیان جوان و سەرنجڕاکێش بوون. تۆ لەناو بازنەی ئەو ئەندێشانەدا دەخولایەوە، کە هێنامییەوە ناو ژوورەکە و لەناو خەیاڵە قووڵەکانت هێنامییەوە دەرێ و پێم گوتی: هەستە چی دی پیشان مەخۆوە با ئەو دوو سێ بزگوڕانەش بێنینە ژوورێ، بەڵکو کەوچکە چێشتێک بۆ شێوان حازر کەم نەکا منداڵەکان بێ شیو خەویان لێ بکەوێ. دەی هەستە هەر خنکە خنکتە دەڵێی پاپۆڕەکەت لێ غەرق بووە. تۆ دەتویست پێم بڵێی ئەوەی لەمن غەرق بووە لە پاپۆڕ گرنگترە، من ژیانم لێ غەرق بووە، یان ژیان منی غەرق کردووە، ئافرەت نابینی بووم بە پاتاڵ، خۆشم نازانم بۆ وام لێ بەسەر هاتووە. من نەمدەویست پێت بڵێم تۆ بەدەستی خۆت ئاگرت لە جەستەی خۆت بەردا و تازە کە سووتای کوا دەکوژێیتەوە؟ لەنێوان ئەو قسانەدا بێ دەنگییەک لە نێوانماندا هاتە ئاراوە هەر یەکەمان لە تەمەنی خۆمان چەند ساڵێک هاتینەوە دواوە. من بۆ

سەردەمی لاوێتی و گەنجی و جوانی سەردەمی منداڵی و ئەویش بە هەمان شێوە: (من بە منداڵی کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بووم زیانم بۆ کەس نەبوو، بەداخەوە لە سەردەمێکی زوودا دایکم کۆچی دوایی کرد و لە ماڵی ئەسڵی خۆمان بووم بە بێگانە، دەبوو زۆر هیلاک بم تا تیکە نانێکم دەست دەکەوێ، ئەو هیلاکییە کاردانەوەی زۆر خراپی لەسەر لەشساغی و ژیانی من بەجێهێشت، کە فامیشم کردەوە لەگەڵ چەند کەسێکی وەک خۆم داماو و نەگبەت بووین بە هاوڕێی یەکتری، ئەو کەسانە بۆ من هاوڕێ نەبوون، بەڵکو بوونە سەرەتای هەڵوەشانەوەی کەسایەتیم. باری دارایی ئەوان باش بوو، سەرەتا لێیانەوە فێری جگەرەکێشان بووم و لەدواییشدا هەر بە جگەرە کێشانەوە نەوەستام، کارە دزێوەکانیشی هاتە سەر تا ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا زۆر لە ڕەوشتە جوانەکانی جارانی خۆم لەبیر چوونەوە. لەو سەردەمەدا کەسێک نەبوو ئامۆژگارییەکی باشم بکات، یان ڕێگایەکی باشم نیشان بدات لەو بارودۆخە بێمە دەرێ، بەڵکو هەموو کەس لێم دوور دەکەوتنەوە، تەنیا ئەو چوار پێنج کەسە نەبی کە دەیانویست سەرم بە قوڕ داکەن وەک کردیان. تا وام لێهات لە ئینسان بوونی خۆم کەوتبوومە گومانەوە. خۆ زۆر جاریش پرسیارم لە خۆم دەکرد من چۆن وا زوو بوومە دوژمنی جەستەی خۆم، بۆ بەو شێوازە ڕەفتار لەگەڵ گیان و لەشی خۆمدا دەکەم، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە ئەو لەشەی منیش هەر ماوەیەک بەرگە دەگرێ و لە دواییدا دادەوەشێ. من ئەو قسانەم بەخۆم دەگوت بەبێ ئەوەی چارەیەکیشم پێ بێ، یان چارە هەبوو من گوێم پێ نەدەدا و بە پاساوێکی بێ بنەما خۆم لێ نەبان دەکرد.)

(کاتێک لە دیمەنی سندووقەکە ڕامای و دیقەتت خستە سەر جووتە کەوەکەی لەوبەر و ئەوبەری دەرگاکە بەرانبەر یەکتری وەستا بوون پێت وابوو ئەو ژیانەی تۆ بەسەرت بردووە لە دۆزەخ خراپتر بووە، چۆن خراپتر نابێ تەمەنی تۆ کە تا ئێستاش هەڕەتی پیاوەتی تین و تاقەتی ئینسانەکانە، کەچی ئەوەتا بە خۆت و هاوسەریشتەوە بە هانکە هانک تا توانیتان بە ڕاکێش ڕاکێش سندووقەکە ئاوای ژووروە بکەن. تۆ و سندووق بۆراق بوونە یەک جەستە، بۆراق بۆ ئاسمانەکان دەفڕی، کەوەکان لە سندووقەکە دەهاتنە دەرێ و لە شەقەقەی باڵیان دەدا و دوور دەکەوتنەوە، تۆش کە ویستت شتێک بکەیت لە جێی خۆت جووڵەت بۆ نەکرا و لەسەر بەڕە شڕەکە دانیشتییەوە و فرمێسکەکان لە چاوەکانتدا قەتیس مان. تۆ پێت وابوو ئەوە سەرەتای ئەو زەنگەیە کە دەمێک بوو چاوەڕێت دەکرد. کە لە بیر و لێکدانەوەتدا لێ بدا، کەچی تا ئەو کاتەش گوێت پێ نەدەدا. بۆ وا بە کەمتەرخەمییەوە لەو زەنگی مەترسییەت نەدەڕوانی، لەشساغی خۆت بیر چووبووەوە، هەرچەندە دەتزانی ئەوە سەرەتای مەترسییەکی گەورەیە. هەندێک جاران کەسەکان لەگەڵ دەروونی خۆیان بەشەڕ دێن، ئەو کەسانە وا دەزانن لەو بەرەنگار بوونەوەیەدا ئەوان بەرەندە دەبن، نازانن جەستەی مرۆڤ هێندە ناسکە بەرگەی ئەو شتانە ناگرێ. تۆش لەو ململانێیەدا دۆڕاندت، هەر زوو پاشماوەکانی ئەو شەڕە لەسەر جەستەت دەرکەوت، زۆری نەبرد کەوتییە ژێر کاردانەوەی خێرایی بارودۆخێکی ئەوتۆ کە نەتدەتوانی چەند هەنگاوێک هەڵێنییەوە کە مۆتەکەی هەناسە توندیت سواری شان و ملت دەبوو و دەستت بە پیش خواردنەوە دەکرد و دەبوو زۆر زوو پەمپەکە دەرهێنی دوو سێ مژی بە هێزی لێدەی تا دەتتوانی چەند هەنگاوێکی دی بڕ بکەی.

تۆ ئەو کاتە بە قووڵی لەگەڵ وێنەکانی ناو سندووقەکە تێکەڵ بووبووی تا نەمگوت: دە هەستە دەڵێی لەشەڕدا دۆڕاوی، بۆ هەر نەهاتییەوە سەر خۆت، تۆ تازە ژیانت دۆڕاند بیر لە چی دەکەیەوە، دە چیدی لێکی مەدەوە هەستە با ئەو شتانەی ماون بیانبەینە ژوورێ، هەر لە دەریای بیر و لێکدانەوەدا مەلەوانیت دەکرد.

ئەوەی بەلای تۆوە گرنگ بوو ئەوە نەبوو چی دەبەنە ژوورەوە، یان نایبەن بەقەدەر ئەوەی سەرنجت لەسەر منداڵەکانت کۆبووبووەوە. لە دڵی خۆتدا هەر خەیاڵت لەلای ئەوان بوو، بۆیە جار جار بە خۆت دەگوت: باشە ئەو منداڵانە چ گوناهێکیان هەیە. ئەگەر پاش چەند ساڵێکی دی لە نازی باوکایەتی بێ بەش بوون، تاوانبار منم کەسی دی نییە کە نەمتوانی وەک باوکێکی ئاسایی خۆم بۆ ئەوان تەرخان کەم، کێ لە بارودۆخی من و هاوشێوەکانی وەک من بەرپرسیارە ؟من تاوانبارم، یان دەوروبەرم. من، یان بارودۆخی زەمانە. دەشێ هەموومان خەتامان هەبێ، بەڵام هەریەکەمان بەجۆرێک. ئەوەتا ئێمە نەداری خزاندووینییە ناو ئەو کونە گورگە، لە دەوروبەریشماندا کەسانی وا هەن پێیان نەنگییە هەتا بەو شوێنانەدا تێپەڕن، ئەگەر ئەو دوو منداڵەی من، ئی

خوداپێداوێک بوونایە، هەیهوو هەیهوو جیاوازییان چەند بوو.)

کە وەئاگا هاتییەوە بە منت گوت: دەی با خەریک بین. هەر چۆن بوو شتەکانمان ئاوای ژوورەوە کرد. ئەو جارە بەدیاریانەوە دانیشتی و دیقەتت چووە سەر سندووقی بۆراق و نوێنەکان و بە خۆت گوت: دەبێ چ هۆکارێک وای لە دارتاشەکانی ئەو سەردەمە کردبێت بیر لەوە بکەنەوە، لە بری هەر شتێک وێنەی ئەو بۆراقە لە دەرگای ناوەڕاستی سندووقەکان دانێن. بۆ نەدەبوو وێنەی گوڵێک، یان درەختێک بکێشن و دیمەنەکەی پێ ڕازاوەتر بکەن، ئەو کاتە هەر خۆت وەڵامی خۆت دەدایەوە و دەتگوت: ئەو بۆراقە پێوەندی بە ڕووداوێکی گرنگی موسڵمانەوە هەیە، کە ئەویش ڕووداوی شەوڕەوی پەیامبەری ئیسلامە کە خوای گەورە ئەو بۆراقەی بۆ ئامادە کردووە تا شەوڕەوییەکەی پێ ئەنجام بدات. جاری واش هەبوو وەک دوودڵییەک لە قسەکانی خۆت بەخۆت دەگوت دە لەو قسانە گەڕێ، بۆ بیر لە دابینکردنی بژێوییەک ناکەیەوە، چیت داوە لەوەی خۆت تووشی سەر ئێشەی لەو جۆرە دەکەی؟ دەی با هەستم هەر چۆن لەگەڵ دایکی منداڵەکان خۆمان کۆکەینەوە و شتێک بۆ خواردنی شێوان ئامادەکەین. ئەو کاتانەی تۆ لە بیری ئەو ئەندێشانەدا بووی من تەواوی کەلوپەلەکانم هەڵبژاردبوو، هەر یەکەیانم خستبووە ئەو شوێنەی کە دەبوو لێی دانێم.

ئەو شەوەی هەواری نوێتان شەوێکی نامۆ بوو، بەڵام هەر زوو لێی ڕاهاتن، چونکە هەژاران وا ڕاهاتوون زۆر زوو لەگەڵ دەوروبەری خۆیان ڕادێن، یان دەوروبەر زووتر لەگەڵیان ڕادێ. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ بەرژەوەندییەکی ماددی لە نێوانیاندا نییە تا ئەویان بیەوێ گەورەیی بەسەر ئەوی تردا بکات، هەموو هەر وابەستەی نەداری بوون، ئەویش گەورەی هەموان بوو. جاران لە زۆربەی گەڕەکەکان هاوتای ئەو حەوشەی لێبوو، بەڵام هیچیان لە جەنجاڵیدا وەک ئەو حەوشە نەبوو بە دوازدە ماڵ یەک تاک بۆری ئاوی لێبێ. ئاوگرتنەکە بە سەرە بوو ،ئەگەر یەکێک تەنەکەیەک ئاوی بردبا دەبوو بوەستێ تا یازدە ماڵەکەی دی سەرەی خۆیان تەواو دەکەن، جاری وا دەبوو لەسەر تەنەکەیەک ئاو جەنگێک بەر پادەبوو، دەبوو بەشەڕە تەنەکە پێکداکێشان، بە جۆرێک کەس ئاگای لەکەس نەدەما، تا ئەوان شەڕیان تەواو دەکرد پیرە بۆریش دەستی دەکرد بەفشە فش و ئاوی تێدا نەدەما و ئاوی تایین دەبڕایەوە، ئەوجا خەڵکەکە بە تووک و دوعای خراپ دەکەوتنە وێزەی میراوەکە، ئەوەیان بیر دەچووەوە کە هۆکاری ئاو نەگرتنیان هەر خۆیان بوون و کاتێکیش دەستیان لەولاو ئەولا دەبڕا، کانی ژنان خۆت بگرە و هاتم. هەر کەسە و تەنەکەی دەخستە سەر شانی و بڕۆ. ئەوە بۆ کوڕوکاڵ و کچ و کاڵانیش خراپ نەبوو، بەتایبەتی ئەگەر نۆرەی هاتنەوەی ئاوەکە دوای نیوەڕۆیان بووایە. ئەوە شەڕ و فەرتەنە بیر دەچووەوە. چوونە کانی و هێنانی ئاو بەسەر شان بۆ هەندێکیان سەیران و بۆ هەندێکی دی ماندوو بوون و هیلاکی بوو.

ئەو شەوە تێپەڕی، چونکە ئێمە جێگۆڕکێمان کردبوو شەو هەر بە خەبەر بووین. جار جارە لەبن لێفەوە دەتدواندم یەک دوو قسەی کۆنینەت وە بیر دەهێنامەوە. منیش وەک ئەوەی سکاڵای حاڵی خۆم و بکەم دەمگوت: بەزمی ئێرەش ناخۆش نییە. بەخوا من تاقەتی شەڕە تەنەکەم نییە، تۆش لەبەر خۆتەوە دەتگوت بابزانین ئەو فیلمە کۆتاییەکەی بەچی دەگات. لەسەرخۆش دەتگوت با منداڵەکان سەرمایان نەبێ شتێکیان پێ دادە. تۆش چاوت دەنوقاندەوە خەوت لەخۆت دەخست. ئەو شەوە هیچ، بەڵام لە سبەی بەدواوە وردە وردە دراوسێیەکان شەوانە دەهاتنە لامان. تا بە تەواوی لەگەڵ بارودۆخی ئەوێ ڕاهاتین و بووین بە بەشێک لەو کۆمەڵە کەسانەی لەوێ ژیانیان دەگوزەراند.

کە بۆ دواجار کیسە نایلۆنەکەت کردەوە بەر لەهەر شتێک چاوت لەسەر کیسە باخەڵەکەی و پێناسەکەی ڕاوەستا، کە کیسە باخەڵەکەیت کردەوە و سەیرت کرد ئەوەی تێیدا بەجێمابوو بایی ژەمەخواردنێکی نەدەکرد. ئەوجا یەک یەک جلەکانیت لەبەردەم خۆت ڕیز کردن کە هەر یەکەیان دیرۆکی چەندان خەمیان لە دووتوێدا هەڵگرتبوو و لەو کاتەدا هەستە خەماوییەکانی تۆیان گۆڕی بە گریانێکی بەکوڵ و داباراندنی فرمێسکی بەخوڕ کە لەگەڵ هەر کەوتنە خوارەوەی دڵۆپە فرمێسکێکدا دەیان لە یادەوەرییە تاڵەکان لەبەردەم هەر پارچەیەک لە جلە بەجێماوەکاندا خۆیان دەنواند و حەسرەتیان دەڕشت بۆ تۆ و ئەو کەسانەی لەو وڵاتەدا گۆڕ غەریب دەبن و کەسیش بە مردنەکەیان نازانێ.

**تشرینی دووەمی ٢٠١٦**